


کۆی بیرەوەرییەکانی مەسعود محەمەد

مرۆڤ و دەورووبەر

41034

مەسعود محەمەد

Preview sample - page 1 of 4 - Soran University Academic Digital Library

رێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری
٦٠

بەرۆڤ و دەوروبەر

نووسەر: مەسعوود محەمەد

لیژنەی سەرپەرشتیی کۆبەرهەم:
تۆفیق کەریم
هاوژین عومەر
ڕەوشت محەمەد

مێژووی چاپ: ٢٠٢٣
نۆبەی چاپ: یەکەم
سەرپەرشتیی چاپ: ڕێدار لەحمەد
تیراژ: (١٠٠٠) دانە

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کۆبەرهەمە پارێزراوە بۆ
ڕێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٦٦٦)ی ساڵی (٢٠٢٣)ی پێدراوە

Preview sample - page 2 of 4 - Soran University Academic Digital Library

مرۆڤ و دەوروبەر بەشی یەکەم ٩
مرۆڤ و دەوروبەر بەشی دووەم ١٤٩
مرۆڤ و دەوروبەر بەشی سێیەم ٣٠٥

Preview sample - page 3 of 4 - Soran University Academic Digital Library

لە بەرگی یەکەمی کتێبی «*حاجی قادری کۆیی*» کاتێک خەریکی تۆیژینەوە لە بارەی چەندوچۆنی گۆیزانەوەی حاجی لە ژیانی لادێوە بۆ شارستان بووم، سەرنجی خۆم و خوێنەرم بۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشا کە لە دیوانی حاجی لەچاو دیوانی نالی دیاردەی گۆل و گیا و دەشتودەری کەم ڕەنگە، هەر دەلێی حاجی لە زووییکەوە ژیانی دەشتودەری بەجێ هێشتبێت و مەودای چەسپانی وێنەی ئەو ژیانەی لە دل و بیر و فکری خۆیدا دەست نەکەوتبێت، بۆیەیە لە شیعری حاجی قادر هەر بایی دەنگدانەوەی گۆل و گیا لە شیعری شاعیرێکی شارستاندا گۆێبیستی ئەو دەنگە دەبین بە پێچەوانەی حاڵەتی دیاردەی گۆل و گیا و دەشتودەر لە شیعری نالیدا کەوا هەتا بڵێی دیاردەیێکی دەوڵەمەند و بەبنج و ڕەسەنە، لەوە دەوەشێتەوە نالی سەرلەبەری ژیانی ساوایی و منداڵی خۆی لە نێوان گۆل و گیا و ئاژەڵی دەشتودەردا ڕابواردبێت.

وەک دەبینیت، ئەم بەیەکدیگرتنەی دیوانی حاجی و نالی بایەخێکی زۆری داوە بە کارتێکردنی دەوروبەر لە دەروون و خەیاڵی شاعیر: لە ڕواڵەتدا وا ڕادەگەیەنێت کە شاعیر (یاخود مرۆڤ بە تێکڕایی) بەندەبێکی ملکەچە بۆ دەوروبەری ماددی، ئەو گوتەیەش بەڕاست دەگێڕێ کە دەڵێ شاعیر و ئەدەیب و هونەرمەند «ئاوێنەی واقیع»ن. لێرەدا پێوستم زانی دەستی «ڤیتۆ»ی بیروباوەڕی خۆم لە ئاست ئەم بۆچوونە هەڵبڕم چونکە لە ڕاستیدا بۆچوونەکە بەشێکی یەکجار گەورەی کاریگەرایەتیی ئادەمیزادی هەستیاری خاوەن ئیرادە و هۆش و صەدان تایبەتی سەربە مرۆڤایەتی دەداتەوە بە ماددەی سارد و سڕی مردوو.

من کە دەڵێم دەستی ڤیتۆ هەڵدەبڕم، بە ڕواڵەت ناڕەزامەندی بەرانبەر گوتەی خۆم دەردەبڕم چونکە بۆچوونەکە هی خۆم بوو، بە یەکدیگرتنەکەش هەروەها: بەڵام لە واقیعدا ڤیتۆکە بەر خۆم ناکەوێت چونکە هەر ئێستاکە لەو ڕووپەڕانەی لێرە بە دواوە دەیانخوێنیتەوە ئەم ڕاستییەت بۆ ڕوون دەبێتەوە؛ ئەوەی ڤیتۆی بەردەکەوێت بەرەیێکی فرەوانی خاوەن لێکدانەوە و شیکردنەوەی ماددین کە هەر لەوانەوە و بیرکردنەوەیانەوە بە خێرایی گومانی کزکردنەوەی «دەوری مرۆڤ» لەو تەرزە بەیەکدیگرتنەی دیوانی حاجی و نالی دەکرێ، چونکە دەمێکە بە هۆی کەڵەکەکردنی ئەو بیروباوەڕەی دەوروبەر بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەکات زیهنی خەڵق ئامادە بوە بۆ ئەوەی هەموو جۆرە شیکردنەوەیەکی ماددی بداتەوە پاڵ بیدەسەلاتی مرۆڤ و زاڵبوونی ماددە.

Preview sample - page 4 of 4 - Soran University Academic Digital Library